# رابوونی خوێندکار و لاوانی کودستان کۆڕێک بۆ فەرهاد پیربالْ ساز کرد



لە درێژەی کارو چالاکیەکانی بەشی چالاکیەکانی رابوونی خوێندکار و لاوانی کوردستان، رێکەوتی 26 / 10 / 2005 رۆژی چوار شەممە سەعات 2 ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی ژووری بازرگانی لە شاری سلێمانی کۆڕێکی بۆ د. فەرهاد پیربالْ لە ژێر ناوی (باسێك دەربارەی گەنج و خوێندکار) ساز کرد. سەرەتایی کۆڕێکە بە ساتێك وەستا بۆ گیانی شەهیدانی کارە تیرۆریستیەکەی رۆژی 2005/10/25 لە شاری سلێمانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

لەو کۆڕەدا د. فەرهاد باسی کرد لەوەی کە پێویستە گەنج و خوێندکار لەمەو دوا داواکانیان کۆنکرێتی بکەن و دیاری بکەن، ووتی (15 ساڵە لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان پڕدەکەینەوە، بەوەی پێویستە برەو بدرێت بە توانا و بەهرەکانی گەنجان، بەڕای من کاتی ئەوە هاتووە داواکان کۆنکرێت بکرێن و بە کورتی گەنج و خوێندکار بڵێت ئێمە قەڵەمێك یان سینەمایەکمان دەوێت، یان سێویکمان دەوێت) .



دواتر لە تەوەرێکی تری کۆرەکەدا باسی لە سەربەخۆیی دارایی گەنج و خوێندکار کرد، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە چۆن نەبوونی ئەم سەربەخۆییە چ کاریگەریەکی سلبی دەکاتە سەر خوێندکار و گەنج، لەم بارەیەشەوە ووتی (پێویستە گەنج و خوێندکار سەربەخۆیی ئابووری هەبێت بۆ ئەوەی چاوتان لە دەستی باوکیان نەبێت) لە لایەکی ترەوە ووتی (سەربەخۆی دارای گەنج و خوێندکار سەربەخۆی رووحی و رەهابوونیانە، وە بنچینەی ئازادی و سەربەخۆ بوونیانە لە دەست ئەو کۆیلەی کە هەموومانی تێداین)

لە تەوەرێکی تری کۆڕەکەدا باسی لە بوونیەتی خوێندکار و سیستەمی ئازاد لە زانکۆکاندا کرد و ئەوەشی شیکردەوە کە لە سیستەمی ئازاد دا چۆن خوێندکار دەبێتە مەرجەع لە پرۆسەی خوێندندا، د. فەرهاد ووتی (هەروەکو چۆن میللەت ریزّ بۆ مامۆستا دادەنێت ئاواش پێویستە رێز و ئیحترام بۆ خوێندکار دابنی) . لە بارەی سیستەمی ئازادەوە ووتی (لە میتۆدی ئازادا خوێندکار دەکرێتە مەرجەع، هەرچەندە کاتی ئەوە هاتووە خوێندکار بکرێتە مەرجەع. لە حاڵەتێکدا ئەگەر عەمادەو بەش و مامۆستاکان مەرجەع بوون با گفتوگۆیەك لە گەڵ خوێندکاردا بکرێت و پرسی پی بکرێت)

لە دوا تەوەری کۆڕەکەدا، د. فەرهاد پیربالْ شیعرێکی پێشکەش کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی

## وەسیەتێک

بۆ خوێندکار و لاوانی سەرگەڤاز
ئەی گەنجە سەرازاکانی ئەم نەوە تازەیەی کوردستانی فیدراڵ و دیموکرات!
ئەی قوتابی و خوێندکار و فێرخوازانی کوردستان!
هەر مەسئولێکی پیری کەر ئەگەر مرد، ئاهەنگێك سازبدەن!
هەر شرە پرۆفیسۆر و
دکتۆرێکی کەرترەی کەودەنی زانکۆ ئەگەر مرد!
برۆنە سەر جادەکان و هەڵپەڕن!
هەر شاعیرێکی زوڕنا ژەن و سەلەفی
هەر وەزیرێکی زەوقسز و پەرلەمانتارێکی نوستووی قۆڵتڕ
هەر مەلا و میر و مودیر و ڕەئیسێکی کەری کەچەڵ
هەر کۆنە بەعسی و عێراقچیییەکی ئەسڵی پێشو. . . . .
ئەگەر مرد
خۆیان و نۆت شجاعەکانیان
خۆیان و عەینەکە رزیوەکانیان
خۆیان و تەسبیحەکانیان
خۆیان و قافیەکانیان (کە دەڵێی زەنگۆڵەی کەرن دەزرنگێنەوە)
لە گۆریان نێن بە بەهەشتیان بسپێرن!
با بەهەشتی بەرین بۆ ئەوان بێت و ئەم دۆزەخە جوانەش بۆ ئێوە:
ئاوەها ژیانتان هەمووی دەبێتە ئاسودەیی!
داهاتووشتان مسۆگەر
ڕوناك ڕوناك
دەشەکێتەوە!

دوای بەشدارییەکی زۆری خوێندکار و گەنج لە سەعات 5 ی ئێوارە کۆتایی بە کۆڕەکە هات.